Research Center

20-08-2018

# هەڵبژاردن و بازنەی دیموکراسی و دەسەڵاتگەرایی لە کوردستان

20-08-2018

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** هەڵبژاردن بە کۆڵەکەیەکی گرنگی دیموکراسییەکانی ئەمڕۆی جیهان هەژماردەکرێت، بەڵام تاقە فاکتەری دیموکراتیزەبوونی هیچ وڵاتێکیش نییە. کۆتایی دنیای دووجەمسەری، دەرفەتی لەبەردەم گەشەکردنی دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهان کردەوە. پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریش وایانکرد

هەڵبژاردن بە کۆڵەکەیەکی گرنگی دیموکراسییەکانی ئەمڕۆی جیهان هەژماردەکرێت، بەڵام تاقە فاکتەری دیموکراتیزەبوونی هیچ وڵاتێکیش نییە. کۆتایی دنیای دووجەمسەری، دەرفەتی لەبەردەم گەشەکردنی دیموکراسی لە سەرتاسەری جیهان کردەوە.
پێشکەوتنەکانی بواری تەکنەلۆژیای گەیاندن و زانیاریش وایانکرد، هەتا نۆرم و پێوەرەکانی دیموکراسی بەجۆرێك عالەمگیربن کە تەنانەت زۆرێك لە رژێمە نالیبراڵەکانی دنیای ئەمڕۆش، لە مۆنارشییەکانەوە بگرە هەتا رژێمە ئۆتۆریتەرەکان، هەڵبژاردن بکەن و بەشێوەیەکی رواڵەتی دەم لە دیموکراسی بکوتن. تەنانەت دەستەواژەی هاوتەریبی جۆراوجۆریشی بۆ داتاشن! لە پەیوەندی لەگەڵ دیموکراسیدا، چۆنییەتی تێگەیشتن و پێناسەکردنی ئەم چەمکە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی رێگای ژمارەیەکی زۆر لە رژێمە سیاسییەکانی ئەمڕۆ لەیەکتر جیابێتەوە. دەستەیەکی زۆر، روانگەیەکی مینیمالیستانەیان بۆ دیموکراسی هەیە و ئەم چەمکە زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن وهەبوونی چانسی تەنانەت کەمیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سەرکەوتن کورتدەکەنەوە. گرووپی بەرامبەریش زیاتر لەوە دەکۆڵێتەوە، کە تاچەند ماف و ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لە سیستەمێکی سیاسیدا ریالیزە دەبن و بەوەش دیدگایەکی ماکسیمالیستانە بۆ دیموکراسی فورمولە دەکەن. بەڵام لە هەردوو دیدگاکەشدا، هەڵبژاردن و چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن بنەمای گرنگن بۆئەوەی، رژێمێکی دیموکرات و نادیموکرات لێك جیابکرێنەوە.

هەرێمی کوردستان یەکەیەکی سیاسی تایبەتە. هەندێك بنەمای دەوڵەتبوونی هەیە بەڵام دەوڵەت نییە. لە هەمانکاتدا ناتوانین وەکوو یەکەیەکی تەواو وابەستەی دەوڵەتی عێراقیش تەماشای بکەین. هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم خاوەنی حکوومەت و دامەزراوەی هاوبەشن، بەڵام هێشتا ئاسەوارەکانی دوو ئیدارەیی و دوو سیستەمیش لەناو ئەم یەکە سیاسیەدا ماون. بۆیە کاتێك دەمانەوێت لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن لەسەر سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا بکۆڵینەوە، پێویستە ئەو تایبەتمەندییانە لە پێشچاو بگرین. چوونکە ئەوانە راستەوخۆ کاریگەری لەسەر رۆڵی هەڵبژاردن دادەنێن. هەرێمی کوردستان هێشتا بێدەوڵەتە و ئەمەش وادەکات کە زۆرێك لە رووداوەکانی جوگرافیاکەی لەژێر کاریگەری سیستەمی سیاسی لە عێراق و سیاسەتی نێودەوڵەتی بێت کە بێشك هەڵبژاردنیش یەکێك لەوانەیە. هەڵبەت لەگەڵ ئەو سنوورانەی کە نەبوونی دەوڵەت بۆ هەرێمی کوردستانی درووستکردووە، دەرفەتی جووڵەیەکی ئۆتۆنۆمیشی هەیە و دەتوانێت وەك ئەکتەرێکی مابەینی لە نێوان ئەکتەری دەوڵەتی و ئەکتەری نادەوڵەتیدا، سیستەمە سیاسییە تایبەتەکەی خۆی رێکبخات. دوای دەستنیشانکردنی ئەو سنوورانەی کە رەنگە فاکتەری بێدەوڵەتبوون لەسەر کاریگەریی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دابنێت، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە داخۆهەڵبژاردن چ کاریگەرییەکی لەسەر سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان داناوە؟ ئەم بابەتە، لە میانی گەڕان بۆ دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن لەسەر سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەم گریمانەیە تاقیدەکاتەوە: هەڵبژاردن نەیتوانیوە دیموکراسییەکی بەردەوام لە هەرێمی کوردستان بنیات بنێت. بەڵام، رێگەی بۆ گەشەکردنی جۆرێك پلۆرالیزمی سیاسی خۆشکردووە.

ئەم بابەتە لە روانگەیەکی مینیمالیستانەوە بۆ دیموکراسی لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان دەکۆڵێتەوە وبەدوای وەڵامی پرسیارەکەیدا دەگەڕێت. بەواتایەك، ئەنجامدانی هەڵبژاردن وهەبوونی چانسێك بۆ ئۆپۆزیسیۆن کە سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، تەنانەت ئەگەر کەمیش بێت، وەك پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی سیستەمێکی دیموکراتیك و نادیموکراتیك لە یەکتری سەیرکراوە.
وردبوونەوە لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان لەدوو روانگەوە بایەخی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە لە واقعی هەرێمی کوردستانەوە، بزانین کارکردن و کاریگەریی هەڵبژاردن وەك کۆڵەیەکی گرنگی دیموکراسی لەلای ئەو نەتەوە بێدەوڵەتانەی کە جۆرێك دەسەڵاتی ناسەربەخۆی وەك ئۆتۆنۆمی یان فیدراڵییان هەیە چ جۆرێکە. خاڵیکیتریش ئەوەیە کە وردبوونەوە لە کاریگەرییەکانی هەڵبژاردن، دەتوانێت تیشکی زیاتر بخاتەسەر ئەو ئاستەنگانەی کە لەبەردەم پرۆسەی جێگیرکردنی دیموکراسی(Democratic consolidation) لە هەرێمی کوردستاندا قوت دەبنەوە.

لینکی تەواوی توێژینەوەکە:

[هەڵبژاردن و بازنەی دیموکراسی ودەسەڵاتگەرایی لە هەرێمی کوردستان]